www.kurdistannet.org
2-10-2006 13:42بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پێشمەرگە دێرینەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە لەندەن کۆبونەوە

لە ڕۆژی شەمە ٢٠٠٦/٩/٣٠پێشمەرگە دێرینەکانی ی ن ك لە لەندەن، بۆ باس و لێدوان لە سەر چۆنیەتی دروستکردنی کۆمیتەی یان سەندیکای پێشمەرگە دێرینەکان لە دەرەوەی وولآت کۆبونەوە، گفتوگۆ و بیرو بۆچونەکان سەبارەت بە ڕێکخراوێکی وەها کە لە دەرەوەی کوردستان دادەمەزرێ، خرایە ژێر تیشکی لێکۆلێینەوە وباسێکی تێرو تەسەلی لە بارەوە ئەنجامدرا، بڕیاردرا کە کۆمیتەیەکی کاتی دابمەزرێ بۆ سەرپەرشتی کارەکانی کۆمیتەکە تا بەستنی یەکەمین کۆنفرانس بۆ هەڵبژاردنی کۆمیتەیەی سەرپەرشتی.

## ئەو هەڤاڵانەی بە شێوەیەکی کاتی هەلبژێردراون

1-هەژار کانی مارانی
2-دڵشاد حافیز
3-عەدنان شاسوار
4-مامۆستا پێشرەو
5-سامان دوبزی

بۆ دروستکردنی کۆمیتەی پێشمەرگە دێرینەکان لە بەریتانیا، کە سەروەرییەکانی پێشمەرگە دەپارێزێ و دەبێتە پارێزەری داخوازییەکانتان، تکا ئەکەین هەموو ئەو پێشمەرگە دێرینانەی ی ن ك لە بەریتانیا کە بە داخەوە لە نەبوونی ئەدریسەکانیان لە لامان نەیانتوانی بەشداری ئەم کۆبونەوەیە ببن، هەوڵ بدەن بەهۆێ ئەو هەڤاڵانەی ئێستا سەرپەرشتی کۆمیتەکە دەکەن پەیوەندی دروست بکەن تا لە کۆبونەوەی ئاییندە بەشدار بن..

هەر شاد و بەختەوەر بن

لیژنەی سەرپەرشتی - لەندەن